# This document has been provided by the International Center for Not-for-Profit Law (ICNL).

ICNL is the leading source for information on the legal environment for civil society and public participation. Since 1992, ICNL has served as a resource to civil society leaders, government officials, and the donor community in over 90 countries.

Visit ICNL's **Online Library** at
http://www.icnl.org/knowledge/library/index.php
for further resources and research from countries all over the world.

Disclaimers

**Content.** The information provided herein is for general informational and educational purposes only. It is not intended and should not be construed to constitute legal advice. The information contained herein may not be applicable in all situations and may not, after the date of its presentation, even reflect the most current authority. Nothing contained herein should be relied or acted upon without the benefit of legal advice based upon the particular facts and circumstances presented, and nothing herein should be construed otherwise.

**Translations.** Translations by ICNL of any materials into other languages are intended solely as a convenience. Translation accuracy is not guaranteed nor implied. If any questions arise related to the accuracy of a translation, please refer to the original language official version of the document. Any discrepancies or differences created in the translation are not binding and have no legal effect for compliance or enforcement purposes.

**Warranty and Limitation of Liability.** Although ICNL uses reasonable efforts to include accurate and up-to-date information herein, ICNL makes no warranties or representations of any kind as to its accuracy, currency or completeness. You agree that access to and use of this document and the content thereof is at your own risk. ICNL disclaims all warranties of any kind, express or implied. Neither ICNL nor any party involved in creating, producing or delivering this document shall be liable for any damages whatsoever arising out of access to, use of or inability to use this document, or any errors or omissions in the content thereof.

**بنکەی نێودەوڵەتیی بۆ یاسای ڕێکخراوەکانی قازانج نەویست**
International Center for Not-for-Profit Law
1126 16th St., NW Suite 400
Washington, DC 20036 USA
تەلەفۆن:- 202-452-8600
فاکس:- 202-452-8555
infoicnl@icnl.org

## چێک لیست (لیستەی جەختکردنەوە) بۆ یاساکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

ئەم لیستەی جەختکردنەوەیە (قائمة التحقق، checklist) بریتییە لەو خاڵانەی پێویستە لەو یاسایانەدا هە بێت کە بۆ بە ڕێوەچوونی کاروباری ڕێکخراوە کانی کۆمە ڵگەی مە دەنی داڕێژراون، ئە م لیستە یە بە سوودە بۆ هە ڵسەنگاندنی ئە وەی ئاخۆ یاسایە کی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئنجا یاسا بێت یان پرۆژە یسا، تا چە ند لەگەڵ نموونە پەسەندکراوە نێودەوڵەتییەکاندا دە گونجێت. ئەم لیستە یە بە پشتبەستن بە و توێژینە وەیە ئامادە کراوە کە بنکەی (نێودەوڵە تیی بۆ یاسای ڕێکخراوە کانی قازانج-نەویست) ئەنجامی داوە، بۆ ئە م مە بەستە یاسا و راپۆرتی وڵاتانی زیاتر لە 150 دەوڵەت کۆکراوە وەتە و شیکراونەتەوە بۆ ساخکردنەوەی ڕێوشوێنە باوە نێودەوڵەتییەکان. دەتوانرێت زانیاری لەسەر وڵاتانی جۆراوجۆر، بە یاسا و ڕێساکانی ئاکار، زانیاری لە سەر بەشداریی و هاوبە شیی حکومە ت-ڕێکخراوی کۆمە ڵگەی مە دەنی، لە ماڵپەڕی ئە م بنکەیەوە بەدەست بهێنرێت لە www.icnl.org، و کەتەلۆگی بابەتەکان لە ئینتەرنێت هەیە.

### 1. پاراستنی ئازادییە بنەڕەتییەکان

**1.1** **__پێکهێنانی ڕێکخراوی کۆمە ڵگەی مە دەنی.__** پاراستنی ئازادییە بنەڕەتییەکانی رادە ربڕین و گردبوونە وە و کۆبوونە وەی ئاشتیخوازانە مانای ئە وە دەگەیەنێت پێویستە رێگە بدرێت بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە ئازادی پێک بە ێنرێن، هە روەها مانای ئە وەیە پێویست ناکات ڕێکخراوێکی کۆمە ڵگەی مەدەنی کە سایەتی مە عنەوی هە بێت تا بتوانێت چالاکیی یاسایی ئە نجام بدات.

**1.2** **__تۆمارکردنی ڕێکخراوی کۆمە ڵگەی مە دەنی__**: پێویستە یاساکانی ڕێکخراوەکانی کۆمە ڵگەی مە دەنی بە شێوەیەک داڕێژرێن کە کاروباری تۆمارکردنیان وە ک کە سایەتییەکی مە عنەوی کارێکی ئاسان بێت بۆ هەموو کەسێک (ئاسایی بێت یان مە عنەوی) و بتوانن بە خێرایی ئە نجامی بدە ن و گرانبەها نەبێت.

**1.3** **__دەستەی تۆمارکردن:__** ئەو دەستەیەی دەوڵەت دایدەمەزرێنێت و بەرپرسیارە لە پێدانی کەسایەتی مە عنەوی بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پێویستە کەسانی شایستە و پسپۆڕی گونجاوی تێدا بێت، و دادپەروەرانە کارەکانی ڕاپەڕێنێت. پێویستە بتوانرێت تانە لە بڕیارەکەی بدرێت کاتێک تۆمارکردنی

ڕێکخراوێک پەسەند نەکات و بتوانرێت تێهەڵچوونەوەی ئەم بڕیارەی بکرێت لە دادگایەک. خۆ ئەگەر دەستەی تۆمارکردنەکە دادگا بێت، ئەوسا پێویستە بتوانرێت لای دادگایەکی باڵاتر تێهەڵچوونەوەی ئەو بڕیارە بکرێت.

1.4 **تۆماری گشتی.** ئەگەر ڕێکخراوەکان لە یەک شوێن یان زیاتر تۆمار کرابن یان دامەزرا بن، پێویستە یەک تۆماری گشتیی نیشتمانیی هەبێت بۆ هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەمووان دەستیان بگاتێ (سەرەڕای ئەوەی ڕەنگە شوێنی تری ناوچەیی هەبن بۆ تۆماریی نیشتمانی)

1.5 **ڕاوەستاندن (ایقاف)، هەڵوەشاندنەوە (حل)، و پاکسازی (تصفیة).**

پێویستە دەستەی باڵای بەڕێوەبردنی ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی بتوانێت بە ئارەزوومەندانە چالاکییەکانی ڕابوەستێنیت، کە سایەتیی مەعنەوی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، و ئەو موڵک و ماڵانەی هەیەتی بە گوێرەی بڕیارێکی دادگا و بە ئەنجامدانی لە لایەن ڕێکخراوەکە خۆیەوە، پاکسازی بکات. پێویستە ڕێگە بدرێت دەستگای تۆمارکردن یان سەرپەرشتیار یان دادگا بە شێوەیەکی ئیجباری هەبوونی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕابگرێت تەنها لە حاڵەتی پێشێلکاریی سەختدا، و تەنها دوای ئەوەی کە داوای لێکراوە کاری ڕاستکردنەوە ئەنجام بدات بۆ ئەو پێشێلکارییە یاساییەی یان ئەخلاقییەی، بەڵام پێوەی پابەند نەبووە. بۆ جەختکردنەوە لەوەی مافە بنەڕەتییەکان پێشێل ناکرێن، پێویستە هەموو ڕاوەستاندن و ڕاگرتنێکی نادڵخوازانە بە سەرپەرشتی داوەریی بێت.

1.6 **مەبەست و چالاکیی ڕێپێدراو.**

أ. پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک هەر قەوارەیەکی تری یاسایی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و ڕێگەیان بدرێت چالاکیی ئەنجام بدەن بۆ بەرژەوەندیی ئەندامانەکانیان، هەروەها ڕێگەیان بدرێت چالاکی بۆ بەرژەوەندیی "خێرەومەندی" ئەنجام بدەن.

ب. ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لایەنێکی سەرەکییە لە پێکهێنان و داڕشتن و تاوتوێی سیاسەت و بابەتە گشتییەکان، و پێویستە بۆی هەبێت بە ئازادیی باسی هەموو ئەو کاروبارانە بکات کە جێی بایەخی گەلن و بتوانێت تاوتوێیان بکات و ڕەخنەیان لێبگرێت بە و سیاسەتانەی دەوڵەتیشەوە کە بە کردار ئەنجامی داون و ئەوانەیشیان کە هێشتا پێشنیارن.

ج. هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەگەر چالاکیی ئەوتۆ بکات (وەک بایەخپێدانی تەندروستی، پەروەردەیی، خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی بۆ ئەو کەسانەی ئێیدزیان هەیە، تاد) کە پێویستی بە وەرگرتنی مۆڵەت (اجازة) یان گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەت بێت لە لای دەستگایەکی دەوڵەتەوە، ئەوسا پێویستە هەمان ئەو ڕێسا و مەرج و ڕێوشوێنانەی مۆڵەت وەرگرتن کە بەسەر چالاکیی تاکەکەس و ڕێکخراوەکان و دەستگاکانی ئەو بوارەدا دەچەسپێندرێت، هەر هەمان ئەو ڕێوشوێنانە و مۆڵەتانە بەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بسەپێنرێت.

1.6. **شایستەیی بۆ پێگەی بەرژەوەندیی گشتی.** کاتێک بگونجێت دەستگایەکی سەربەخۆی دەوڵەت دابمەزرێندرێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئاخۆ ڕێکخراوێک شایستەیە بۆ پێگەی ئەوەی بە ڕێکخراوی خێرخوازی یان ڕێکخراوی بەرژەوەندیی گشتیی دابنرێت یان نا، ئەوسا پێویستە ئەو دەستگایە دەستگایەکی سەربەخۆ و تێکەڵاو بێت (لە نوێنەرانی کەرتی گشتی، و حکومەت، و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی)، بە هەمان شێوەی کۆمیسیۆنی خێرگوزاریی ئینگلتەرا و وێڵز.

1.7. **دەستگەیشتن بە میدیا**. پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی میدیا دەستیان بگاتە میدیاکان بۆ بانگەشەکردن بۆ چالاکییەکانیان، بە میدیاکانی دەوڵەتیشەوە، ئەگەر هەبێت.

**2. نەزاهە و ئیدارەی باش**

**2.1 بەندە ئیلزامییەکان لە بواری بەڕێوەبردندا**. ئەو بە ڵگەنامانەی کاروباری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رێک دەخەن پێویستە مەرجێکیان تێدا بێت کە ەبوونی لای کەمی هەندێک دەق لەناو بەڵگەنامەی پەیڕەوی ناوخۆی رێکخراوەکاندا بە مەرج دابنێت. رەنگە مەرجەکان جۆراوجۆر بن لە رێکخراوێکەوە کە پشت بە ئەندامێتی دەبەستێت بۆ رێکخراوێکی تر کە پشت بە ئەندامێتی نابەستێت. ئەمەی دووەمیان پێویستە دەستەی رێکخستنی تریشی هەبێت، بۆ نموونە دەستەی سەرپەرشتی، و دەستەی چاودێری (چونکە ئەندامی نییە)

**2.2 بەندی خوازیاری (اختیاری) لەناو بەڵگەنامەکانی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیدا**. پێویستە یاساکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سەلاحییەتێکی زۆر بدەن بە (دەستەی باڵای بەڕێوەبردنی رێکخراوەکە) تا بتوانێت گۆڕانکاری بکات لە هەیکەلییەتی ئیداری و بەڕێوەچوونی کارەکانی ناوخۆییدا بە گوێرەی یاسا.

2.3 **سەرپەرشتی و نووسینی راپۆرتی ناوخۆیی : ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی دەستەی بەڕێوەبردن و ئەندامەکانیان**. پێویستە لە یاسادا وەک مەرج داوا لە دەستەی باڵای بەڕێوەبردنی رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی (یان نوێنەرایەتییەکەی) بکرێت راپۆرتی دارایی و چالاکییەکانی رێکخراوەکەی خۆی پێبگات و متمانەیان پێبدات و پەسەندیان بکات. پێویستە لە یاساکەدا هاتبێت کە بەرپرسان و ئەندامانی دەستەکانی رێکخراوەکە بەرپرسیان لە کارکردن بە دڵسۆزییەوە بۆ رێکخراوەکە، و جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییەکان لە رێکخراوەکەدا بە وریایی و بە جدی و بە پاراستنی ئەو نهێنییانەی رێکخراوەکە کە زانیاریی گشتیی نین.

2.4. **رێگەگرتن لە پێکدادانی بەرژەوەندیی**: پێویستە زۆر بە وریاییەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە ئاخۆ پێویستە لە یاسادا باسی پێکدادانی بەرژەوەندی و یەرەکەی بکرێت، ئاخۆ لە یاساکەدا باسی ئەوە بکرێت کە پێویستە دامەزرێنەران، بەرپرسان، و ئەندامانی بەڕێوەبردن، و کارمەندانی رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆیان دوور بخەنەوە لە ئەگەری هەر پێکدادانێکی بەرژەوەندیی کەسیی یان بەرژەوەندیی بزنسەکانی خۆیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی رێکخراوە.

**2.5 قەدەغەکردنی دابەشکردنی قازانج و دەستکەوتی تری کەسیی**

أ. پێویستە یاساکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە دەق باسی ئەوە بکەن کە نابێت هیچ قازانجێک یان دەستکەوتێکی رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بە سەر دامەزرێنەرانیدا، یان ئەندامانیدا، یان بەرپرس یان ئەندامانی دەستەی کارگێڕییەکەی یان کارمەندەکانیدا دابەش بکرێت.

ب. پێویستە یاساکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە دەق باسی ئەوە بکەن کە رێگە نادرێت بەم رێکخراوانە موڵکوماڵەکانیان بەسەر دامەزرێنەر و ئەندامان و بەرپرس و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن و کارمەندەکانیاندا دابەش بکەن کاتێک رێکخراوەکە هەڵدەوەشێنرێتەوە.

ج. پێویستە یاساکانی ڕێکخراوە کانی کۆمە ڵگەی مە دەنی بە دەق باسی ئە وە بکەن کە نابێت موڵکوماڵ و دەستکەوت و قازانجە کانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستە وخۆ بۆ دە ستکەوتی کە سیی بە کاربهێنرێن (وەک کۆمە ك و بەخشش بۆ خزم و کە سوکاریان) ( بۆ هیچ کە سێک لە دامەزرێنەران و بە رپرسان و ئەندامانی دە ستەی بە ڕێوەبردن و کارمە ندان یان ئە و کۆمە کبەخشانەی پە یوەندییان بە ڕێکخراوەکەوە هەیە).

2.6 **شێواز و پایەتەکانی خۆڕێکخستنی خۆبەخشانە:** ئەگەرچی پێویستە ستانداردە بنەڕەتییەکانی ئاکار و مە رجەکانی ئیداریی بۆ هە موو ڕێکخراوە کانی کۆمە ڵگەی مە دەنی پێویستە بە یاسا داڕێژرێت، بە ڵام دەبێت بوار بۆ ڕێکخراوە کانی کۆمە ڵگەی مە دەنی پرەخسێنرێت و هان بدرێن ستانداردی بە رزتری ئاکار و ئە دا داڕێژن بۆ خۆیان لە دوو توێی خۆڕێکخستن و ڕێساکانی ئاکارەوە.

2.7. **ڕێکخراوەکانی چە تر.** پێویستە یاساکان بوار بە کۆمەڵگە بدات و هانیان بدات ڕێکخراوی چەتر پێکبهێنن بۆ پیادەکردن و پتەوترکردنی پرەنسیپەکانی پێکهێنانی ڕێکخراو لە لایەن کەسانی خۆبەخشەوە و خۆڕێکخستنیان بە شێوەیەکی خۆبەخش.

.

**بەردەوامیی دارایی**

3.1 **چالاکیەکانی کۆکردنە وەی پارە - ڕێسای گشتی .** پێویستە ڕێگە بە ڕێکخراوەکانی کۆمە ڵگەی مە دەنی بدرێت بە شداری بکەن لە چالاکییەکانی کۆکردنە وەی پارە دا بکەن بە گوێرەی یاسا و تە با لە گەڵ کۆمە ڵگەکە وەک سە ردانی ماڵان و بە تەلەفۆن و بە پۆست و لە ڕێی تە لەفیزیۆنەوە و تاد . سە رەڕای هە ڵمەت و یانسیب، و چالاکیی تر . یانسیب و ئاهە نگی خێرخوازی و مە زاد و چالاکیی تر بە مەبەستی کۆکردنە وەی پارە بە چالاکیی بازرگانی یان ئابووری دانانرێت.

3.2 **چالاکیەکانی کۆکردنە وەی پارە - کۆتوبەندەکان، بنوە رەکان، و چارە سەری خۆپارێزی.** دەبێت کۆکردنەوەی پارە لە جەماوەر پێویستی بە تۆماکردن بێت لای دەستگایەکی دەوڵەت یان دەستەیەکی سەربەخۆی سەرپەرشتیار، کە مۆڵەت و ناسنامە و کاروباری تری ناساندن بۆ ئە وانە دەردەکات کە پارەکە کۆدەکەنەوە، هەروەها ڕێوشوێن و ستاندارد دادەنێت بۆ چالاکییە جەماوەرییەکانی کۆکردنە وەی پارە لە خەڵک، و دابینکردنی زانیاری بۆ جەماوەر، و سزادانی ئاکاری ناڕەوا.

3.3 **چالاکیە ئابوورییەکان.** پێویستە ڕێگە بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مە دەنی بدرێت چالاکی بازرگانی و ئابووری و کاری یاسایی ئە نجام بدەن بە مەرجێک (1 ئامانجی سەرەکی لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکە و کارەکەی بریتی بێت لە چالاکیی بەدەر لە قازانج و گونجاو). وەك (ڕۆشنبیری و پە روەردە و تە ندروستی، تاد ). و (2 قازانجەکان یان دەستکەوتەکان دابەش نەکرێت بەسەر دامەزرێنەران و ئەندامان و بەرپرسان و ئە ندامانی دەستەی بەڕێوەبردن و کارمە ندەکاندا. دەتوانرێت ئە م کارانە بکرێت بە مەرجێک هە موو کاروبارە پێویستەکانی وەک دەرهێنانی مۆڵەت و ڕێپێدان ئەنجام بدرێن.

).

3.4 **لێخۆشبوون لە ڕێکخراوەکانی کۆمە ڵگەی مە دەنی لە باجی دە رامەت یان قازانج.** هەموو ڕێکخراوە کانی کۆمە ڵگەی مە دەنی، ئە وانەی کە بۆ بە رژەوەندیی دوو لایەنەن و ئە وانەش کە بۆ بە رژەوەندیی گشتیین، ئە وانەی لە سەر بنچینە ی ئە ندامێتی دامەزراون و ئە وانەی بە ئەندامێتی نین، پێویستە بووراو بن لە باجی دە رامەت و هە ر بەندێکی تری بە هادار کە لە کۆمەکبەخشەکان یان لە دەستگا حکومییە کان وەریبگرن بە

بەخشش یان بە گرێبەست (هەروەها ئابوونە ی ئە ندامانی رێکخراوە کە ئەگەر هە بێت) دەتوانرێت چە ند رێگە یەک بگیرێتە بەر بۆ لێخۆشبوونیان لە سوود و قازانج و دە ستکەوتی سەرمایەی موڵکوماڵە کان و فرۆشتنیان، لە گەڵ جە ختکردنەوە لە هەبوونی بە ندی لە و جۆرە بە گشتیی بۆ رێکخراوەکانی بەرژەوەندیی گشتی.

3.5 **سوودەکانی باجی دە رامەت بۆ کۆمە لکەبەخش.** بۆ هاندانی خێرە ومەندێتی و هاوڵاتێتی باش، پێویستە کاتێک هاوڵاتیان و لایە نەکان و بزنسە کان کۆمەك پێشکەشی رێکخراوەکانی بەرژەوەندیی گشتیی دەکەن، لە بەرامبەردا باج لەو کۆمەکانە وەرنەگیرێت و سوودی باجی دە رامەتی باشی تێدا بێت بۆیان (وەک کە مترکردنەوەی باج یان پێدانی کرێدێت بە هاوڵاتی یان بزنسە کۆمەکبەخشەکە).

3.6 **باج لە سەر چالاکیە ئابووریەکان.** پێوستە رێگە بە رێکخراوەکانی کۆمە ڵگەی مەدەنی بدرێت چالاکی ئابووری بکە ن کاتێک ئەو چالاکییە ئابووریانە ئامانجی سەرەکیی یان چالاکیی سە رەکی رێکخراوە کە نین. هەر پوختە ی قازانجێک کە رێکخراوەکە لە بازرگانییەوە یان لە بزنسەوە دەستی دەکەوێت دەتوانرێت:-

أ. بووراو بێت لە باجی دەرامەت.

ب. باجی دەرامەتی لەسەر بێت.

ج. باجی دەرامەت تەنها ئەو کاتە بیگرێتەوە کە کارەکان و بازرگانییەکە پەیوەست نەبن بە ئامانجە قازانج نەویستییەکانی رێکخراوەکەوە، یان،

د. بە گوێرەی ئەزموونێکی میکانیکی بخرێتە ژێر باجی دەرامەتەوە کە رێگە دەدات بە برێکی کەم لە قازانجەکانی چالاکییە ئابوورییەکان بەدەر بن لە باج، بەڵام باج دەخاتە سەر ئەوەی لەو برە پارەیە زیاتر بێت.

3.7. **باجی بە های زێدە ، باجی تر، رە سمی گمرک .** پێویستە ئەو رێکخراوانە ی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی کار دە کەن و کارە کانیان لە بواری باجی بە های زێدە و باجی تردا پەسەندخوازی (خاترگیری، تفضیل) بۆ بکرێت، بۆ نموونە ، باجی موڵک و رە سمی گمرک (بە مەرجێک کۆتوبەندی پێویست هەبێت کە رێگە بگرێت لە روودانی فزی و ئیستغلال).

3.8 **پشتگیری ئەوقاف.** پێویستە لە یاساکاندا دەق هەبێت پشتگیری بکات لە پێکهێنان و پاراستنی ئە وقاف. ئەمەش وە ك هاندان بە باجی تایبە ت بۆ کۆمە ک بۆ دروستکردنی ئەوقاف، و سیاسەتی دانایانەی وەبەرهێنان، تاد.

3.9. **دارایکردن لە لایەن بیانیە وە.** پێویستە بە شێوەیەکی گشتی رێگە بدرێت بە رێکخراوی تۆمارکراو و دامەزراو بە شێوەیەکی دروست پارەی کاش و عە ینی (بە کەلوپەل) و حەواڵە لە ئاژانسەکانی فریاگوزاری و دەوڵەتانی تر یان ئاژانسە فرەرەگەزەکان وەربگرێت، یان لە هەر دە ستگایەکی کۆمە کبەخش یان تاکە کەس لە دەوڵەتێکی تر، کاتێک لە سنووری رێز گرتندا بێت لە یاساکانی ئاڵوگۆری بیانی و گمرک.

3.10 **خۆبەخش.** پێویستە یاساکان هانی خۆبە خشی بدە ن لە گەڵ رێکخراوە کانی کۆمەڵگەی مە دەنی، بۆ نموونە هانی خاوە نکارەکان بدرێت مۆڵە ت بدە ن بە کارمەند و کرێکارەکانیان تا بچن کاری خۆبەخش بکەن.

3.11. **بەشداری (شەراکە)ی نێوان حکومە ت و رێکخراوە ناحکومیەکان.** پێویستە لە یاساکاندا، بە یاساکانی بواری کڕیارییشە وە، ئە گەر بگونجێت، بە ندی تێدا بێت

سەبارەت بە هاندانی شەراکەی نێوان حکومە ت و رێکخراوە ناحکومییەکان و بوار بدرێت حکومەت دارایی ئە و پرۆژانە دابین بکات کە لە لایەن رێکخراوە ناحکومییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، لە رێی کۆمەك و گرێبەستەوە.

### *.4 بەرپرسیاربوون و شەفافییەت*

4.1 **پێشکەشکردنی راپۆرت بە شێوەیەکی گشتی.** پێویستە هەموو ئەو راپۆرتانەی داوا لە رێکخراوی ناحکومی دەکرێت پێشکەشیان بکات، بە ئاسانی پڕ بکرێنەوە، و هێندەی بکرێت یەکخراو بن بۆ سەرجەم دەستگاکانی دەوڵەت.

4.2 **نووسینی راپۆرت بۆ لایەنی سەرپەرشتیار**

أ. پێویستە بە لای کەمەوە ساڵانە هەر رێکخراوێک کە بۆ بەرژەوەندیی گشتیی کار دەکات یان پشتگیرییەکی جەماوەریی لێ دەکرێت، راپۆرتی گونجاو لەسەر رەوشی دارایی خۆی و چالاکییەکانی بدات بە لایەنێکی پەیوەندیدار (دادگا، وەزارەت، دەستەی ئیدارەی ناوخۆیی، دەستەیەکی تایبە تمەند.) کە بەرپرسە لە سەرپەرشتی گشتیی رێکخراوە کانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

ب. پێویستە هەموو مەرجە داواکراوەکان و نووسینی راپۆرت بەندی گونجاوی تێدا بێت بۆ پاراستنی نهێنیی‌یە رەواکانی کۆمە کبەخشان و سوودمە ندەکان و هە روها پاراستنی نهێنێتی یان زانیاریی تایبەت بە خاوەندارێتی.

4.3 **وردبینی لە لایەن دەستەی سەرپەرشتیارەوە**

أ. تەبا لە گەڵ دە سەڵاتە ئاساییەکانی دە وڵەت لە پشکنین و چاودێری هە موو قە وارە یاساییەکان، دە ستە سەرپەرشتیارەکە پێویستە مافی هە بێت ورد ببێتە وە لە دەفتەر، تۆمار، و چالاکییە کانی رێکخراوی کۆمە ڵگەی مە دەنی لە کاتی دە وامدا، و بە ئاگادارکردنەوەی لە باری پێشوە خت. نابێت دە سەلاتی وردبینی بەکاربهێنرێت بۆ هەراسانکردنی رێکخراوە کان و بۆ سنووردانان بۆ ئازادیی ئە و تاکانە لە پێکهێنانی کۆمە ڵە کە پەیوەندییان بە رێکخراوەکەوە هەیە.

ب. **جەختکردنەوە لە پابەندێتی بە یاساکانەوە.** بۆ جە ختکردنەوە لە پابەندێتی بە یاساکانەوە، پێویستە هەموو ئە و رێکخراوانە ی کۆمە ڵگەی مە دەنی کە راپۆرت دە دەن، بخرێنە ژێر وردبینی بە شێوەیەکی عشوائی لە لایەن دەستەی سەرپەرشتیارەوە، بەڵام نابێت ئەم جۆرە وردبینییە بۆ هە راسانکردنی رێکخراوە کان یان ئە و کە سانەی پە یوەندییان بە رێکخراوەکەوە هەیە، بەکاربهێنرێت.

4.4 **وردبینی د ەسەڵاتی باج و نووسینی راپۆرت** . وا گونجاوە راپۆرتی جیاواز بۆ دەسەڵاتدارانی باج بنووسرێت . رەنگە وا پێویست بێت راپۆرتی جۆراوجۆر بۆ شێوە جۆراوجۆرەکانی باج بنووسرێت. (بۆ نموونە باجی دەرامەت، باجی بەهای زێدە)

4.5 **نووسینی راپۆرت و وردبینی لە لایەن دە ستەکانی مۆڵە تپێدانەوە.** هەر رێکخراوێک چالاکییە ک بکات کە پێویستی بە وەرگرتنی مۆڵە ت (اجازة)ی دە ستگایەکی حکومی بێت پێویستە هەمان ئە و راپۆرتە بۆ ئە و دە ستگایە بنووسێت کە تاکەکەس و رێکخراوەکانی بزنس داوایان لێ دەکرێت بینووسن.

4.6. **ئاشکراکردنی یان دە ستەبەرکردنی زانیاری بۆ جە ماوەر.** هەر رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مە دەنی کە چالاکیی یان موڵکوماڵی گەورەی هەبێت یان پشتگیرییە کی

میللی گەورەی لێ بکرێت، پێویستە راپۆرت لەسەر دارایيە گشتییەکان و چالاکییە کانی بڵاوبکاتەوە یان دەستەبەری بکات بۆ جە ماوەر. رەنگە ئەم راپۆرتە وردەکاری کەمتری تێدا بێت لەو راپۆرتانەی دەدرێت بە دەستەی سەرپەرشتیاریی گشتی، دە سەڵاتەکانی باج، یان هە ر دە ستەیەکی مۆڵە تپێدان. لەم ر اپۆرتانەدا پێویستە ناوی کۆمە کبەخشان و سوودمەندەکان ئاشکرا نە کرێت، هە روەها زانیاری نهێنییەکانیان یان زانیاری لە سەر موڵکوماڵیان بپارێزرێت.

4.7 **سزای تایبە ت**. سەرەڕای ئە و سزا گشتییانە ی دە توانرێت بە سەر رێکخراوی کۆمەڵگەی مە دەنی بسەپێنرێت یە کسان لە گەڵ هە ر کەسایەتییەکی تری یاسایی (بۆ نموونە یاسای گرێبەست یان یاسای زیان) دەگونجێت سزای تایبەتییش هەبێت (بۆ نموونە غەرامە یان باجی جەزائی، یان ئەگەری راوەستاندنی رێکخراوەکە بە شێوەیەکی ئیجباری لەبەر پێشێلکردنی بوار ەکانی رێکخراوەکانی کۆمە ڵگەی مە دەنی (وەک مامە ڵە لەگەڵ خۆکردن، رێوشوێنی نە گونجاوی کۆکردنە وەی دارایی گشتیی، و رێوشوێنی تایبە تی ناو یاساکانی باج.)